پشکۆ نەجمەدین

# بە تیرۆژێک لە نیگای تۆ دەبم بە گڕ!

لە نیگای تۆدا گڕ دەگرم. دەستی تاریکاییی تەمەن لە دەستی سپێدە دەنێم.
لە پەیڤێکتدا دەبم بە ئاو.. تنۆک تنۆک دەتکێمە سەر شۆڕەکاتی یادەوەریم
کە لە فەرامۆشیدا کەوتۆتە ئاویلکە!.
لە بناری سەفەردا، پێچاوپێچ بە بزنەڕێیەکی لەبەفرگیراوی پێخوست
نەکراودا کە کاڵەی " پێ"مان پێماڵیان دەکرد، پێیەکانمان سەریان بەرەو
سەرهەڵگرتن هەڵگرتبووین...
پێی وابوو سەرهەڵگرتن؛
بەرەو پێدەشتێک لە بەهەشت،
بۆ ترۆپکێک لە تیشکەلان هەڵماندەگرێ!..
تەمەنێک لە رۆژ و عومرێک لە شەو،
زەمانێک لە سەفەر و عەیامێک لە عەودالّی،
دەوەنی ناوت لە رێڕستی زمانمدا سەوز دەبوو.
تیشکەگەلای بینینم بوو چرۆی چاوت. بەدەم شنەی باڵاتەوە دەشنامەوە.
باڵام دەکرد. دەگەیشتمە هەور.. لە گوورگەزێی زنارێکدا، تێکەڵ بە
پەلکەزێڕینە دەباریمە زنەی نازت. دەگەیشتمەوە قوڵایی زەریاچەی ڕازت!.
سەردەمانێک دیرۆکێ بووم، من بە ناوي تۆ دەپەیڤیم..
بە دیدەی تۆ دیدەڕوون بووم.
ئەمێستاش من، لە رستنەوەی رۆشتووەکاندا:
بە تیرێژێک لە نیگای تۆ دەبم بە گڕ.
لە چۆڕاوگەی پەیڤێکتدا، دەبم بە ئاو!.
ئاو: دەشواتەوە گەردیلە گەردلێنیشتووەکانی رۆح.
پەلکەشەوبۆی لەشولارت ئاونگرێژ دەکات.

www.kurdistanet.org

دەبێتە پردێک لە تیشک، بە خۆرە ئاوابووەکانی ئەودیوی زەمەنمان ئاشنا دەکاتەوە، ئاو!.

دەمانکاتەوە ئاولەمە، ئاو.. لە وێڵاشی وڵاتێکمان دەپێچێ بۆنی وێڵبوونی نەگرتبێ.. وڵاتێک، پەیمانێکی لەگەڵ غوربەت نەبەستبێ، تنۆکێ ژەکی سەرهەڵگرتن بۆ فرچکدانی ئێمە شک نەبا!.

مای 2004

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org